بژمێرکانی هەرێمی داوای مووچەی مانگی 12 دەکەن

هاوشێوەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، ئەو بژمێرانەی بەشداریان لە پرسەی سەرژمێریدا کردووە، مووچەی مانگی 12یان وەرنەگروتووە.

ئەمە پێنجشەممە، نوێنەری بژمێرکانی هەرێمی کوردستان لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە سلێمانی ڕایانگەیاند تا ئێستا مووچەی مانگی 12ی پاریان وەرنەگرتووە.

نوێنەری بژمێرکان ڕایگەیاند گرێبەستێکی دوو مانگییان لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانداە هەبووە کە بە هەر مانگێک 250 هەزار دیناریان پێ بدرێت، بەڵام تەنها مووچەی مانگی 11یان وەرگرتووە و مانگەکیان لا ماوە.

ڕوونیشیکردەوە، داواکارییەکی دیکەشیان هەیە کە ئەویش دامەزراندنی ئەو بژمێرانەیە کە دەرچووی زانکۆن، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.